# "شۆڕش، ئێوارەخوان نییە"

## یان داکۆکی لە شۆڕشی کەلتوری



ئالان بادیۆ

لە ئینگلیزییەوە: زەردەشت نورەدین

**بیرخستنەوەیەك:**

"شۆڕشی کەلتوری" بۆ بادیۆ دواهەمین شۆڕشی گەورەی ڕزگاریخوازییە کە ئەگەر و ئیمکانەکانی داهاتووی کۆمۆنیستانەی مرۆڤایەتیی لەخۆیدا هەڵگرتووە و لەم سۆنگەوە بادیۆ بە بەردەوامی وەک ڕووداوێک بۆ شۆڕشی کەلتووری دەگەڕێتەوە و هەڵێنجاندنی نوێی لێدەکات. لەم سۆنگەوە و لەو ماوەی پێشوودا بادیۆ لە کتێبی "دەبێت چی بکرێت"دا کە دیالۆگە لەگەڵ مارسێل گۆشێ، چەندین جار بۆ شۆڕشی کەلتوری دەگەڕێتەوە و داکۆکی لە شۆڕشی کەلتوری دەکات. پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکە، کاردانەوەی بەشوێن خۆیدا هێنا کە هێشتا بادیۆ ماویستە! و داکۆکی لە شۆڕشی کەلتوری دەکات لەم میانەدا لۆران ژێفرین لە بڵاوکراوەی لیبراسیۆن کە هی خۆیەتی لەسەر بادیۆ نوسی و بادیۆی بە دایناسۆری بەبەردبوو ناوزەد کرد. ئەم وتارە وڵامی بادیۆیەیە بۆ ژێفرین.

لە کاتی خستنەڕووی ئەرگومێنتیێکی ئاڵۆزدا [بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی زیاتری بابەتەکە] گەڕامەوە بۆ ئەدگارە تایبەتییەکانی شۆڕشی کەلتوری، لە درێژەی ئەو وتووێژەدا کە لەگەڵ مارسێل گوشێ لەسەر بابەتی «کۆمۆنیزم و دیموکراسی» کردم. ئەم کارەی من بووە هۆی ئەوەی لۆران ژێفرین[1] کە دەتوانم بڵێم واز لەو کارەی بێنێت کە تەواوی کاتەکانی پێ بەخشییەوە(دەرکردنی نزیکەی سەد کەس لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆن بەئەسپایی) و سەبارەت بە من حوکمبدات و بڵێت: بادیۆ داینەسۆرێکی "بەبەردبوو"ە[2].

میتۆدی ژێفرین بۆ پیشاندانی من وەک بەبەردبوویەک زۆر سادە و هەڵپەئامێزە: دەربڕینی سادەی «شۆڕشی کەلتوری»دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەربڕینی «حەوت سەد هەزار کوژراو» لە هەناویدا دەنگ بەرزکاتەوە و هەموو وردەکارییە دڵخوڕپێنەکانی گێچەڵکردن[3] بە ڕۆشنبیرە ناودارەکانی چین لەسەردەستی گاردی سورەکانەوە وەبیربێنێتەوە.

لەوانەیە ژێفرین بەڕادی پێویست لە داڕشتنەوەی ئەم بابەتە بەڕواڵەت گوناحئامێزەدا تێنەفکرییێت، لەبەرئەوەی ژماردنی مردووەکان لە ڕوانگەی شیکردنەوەی سیاسیەوە هیچ مانایەکی نییە. وەرن وێنای ئەوە بکەین کەسێک لە کاتی دیبەت لەبارەی دیموکراسییەوە بە [مەبەستی ڕونکردنەوەی بابەتەکەی] دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بڕگەی گرنگ و هەستیاری شۆڕشی فەڕەنسی. وا وێنادەکەم [لەو کاتەدا] ژێفرین دەبێت قسەکانی پێ ببڕێت و بڵێت: شۆڕشی فەڕەنسا؟ ئەوە بەڕاستتە؟ دووسەد هەزار کوشتن و ملپەڕاندنی وەحشیانەی شاعیری گەورە ئاندرە شانیە[4] [یان ملپەڕاندنی دامەزرێنەری زانستی کیمییای مۆدێرن لاڤازییە]؟ نا، ژێفرین شتی واناڵێت لەبەرئەوەی ئەو هەندێ شت ئەگەرچی کەمیش بێت لەبارەی ڕۆڵی بنچینەیی شۆڕشی فەڕەنساوە لەمەڕ پەرەپێدانی دیموکراسییە مۆدێرنەکانەوە دەزانێت. کەواتە خاڵە [گرنگەکە] لێرەدایە ئەو هیچ شتێک سەبارەت بە شۆڕشی کەلتوریی چین و ڕۆڵ و کارکردی ئەو شۆڕشە لە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی کۆمۆنیزمی مۆدێرن نازانێت و نایەوێت بزانێت. ژێفرین تەنانەت نازانێت لە شۆڕشی کەلتوریی چیندا چ کەسێک، چ کەسێک و لە چ هەلومەرجێکدا و لەبەرچیی کوشتی. هەرچەندە پرسی کۆمۆنیزمی سیاسی زۆر مۆدێرنترە لە پرسی دیموکراسیی لیبراڵ. لەبەرئەوەی دیموکراسیی لیبراڵ نەیتوانیوە ڕەگ و ڕیشەکانی ساڵانی ١٨٤٠ تێپەڕێنێت و تێیدا چەقی بەستووە.

---

[1]Laurent Joffrin
[2]frozen dinosaur
[3]abuse
[4]André Chenier

وانەکانی شۆڕشی کەلتوری کە وانەکانی شکستەکەشی لەخۆدەگرێت  بۆ ناسینی کێشە هاوچەرخەکانی(سەرمایەداری لەژێر ڕکێفدا نەماوە و کێوی بووە، ئاستی نایەکسانی خەریکە دەگەڕێتەوە بۆ  بۆ هەمان ئاست کە لەپێش جەنگی جیهانیی یەکەم هەبوو. شێوەی دابەشبوونی کار بێڕەحمانەیە. ئەوەی کە بڕیاربوو لە خزمەتی بەرژەوەندیی گشتیدا بێت پێچرایەوە و شوێنەکەی بە کەرتی تایبەت پڕکرایەوە و نابێت ئەوەش لەبیرکەین کە داهێنانی سیاسییش بەرەو داکشانێکی بەرچاو ڕۆیشتووە)  زۆر زیاتر لەو وانانە بەسودترە کە شۆڕشی فەرەنسی(سەرەڕای گرنگییەکەی) دەتوانێت پێشکەشمانی بکات. لەم سۆنگەوە ژێفرین زۆر لە من کۆنتر و لەمۆدکەوتووتر و کۆنەپارێزترە.

بەم پێیەش ئەو هیچ کارێک ناتوانێت بکات جگە لەوەی ئەو ژمارانەی کە زۆر بۆی ئەزیزن لە بڵندگۆوە فوی پیابکات و ئاڵایەکی شەرمەزاری لەسەر سەری ڕاگرێت کە لەسەری نوسراوە «شێتیی تۆتالیتاری[5]» و لەوە دڵنیابێتەوە کە خوێنەرەکانی بە سەرلێشێواوی لە تاریکیی خەمئامێزی نەزانیندا دەمێننەوە.

زۆرباشە کە ئێستا باسی ژمارە لە گۆڕێیە با دەستکەین بە ژماردن. شەڕی ١٩١٤ـەی نێوان فەرەنسا، ئەڵمان و بەریتانیا بهێننەوە بیری خۆتان؛ شەڕی نێوان هێزە شارستانییەکانی ڕۆژئاوا، کە پێش شەڕەکە [هەموویان] لە خاکی خۆیاندا نوقمی دیموکراسیی مۆدێرن بوون؛ دیموکراسیی مۆدێرن لەگەڵ هەڵبژاردنی ئازاد، پەرلەمان، یەکێتییە بازرگانییەکان، حیزبەکان و ڕێژەیەکی بەرچاوییش لە حیزبی سۆسیالدیموکراسییان تێدا بوو. بەم شێوەیە نەبوو؟ و بڵاوکراوە[6] ئازادبوو، ئازادبوو، ئەو بڵاوکراوانەی  کە ئازادییان لە ئازادی بڵاوکراوەی ژێفرین زیاتر بوو، سەرەڕای ئەوەی ژێفرین هاوپشکی[7] بەهێزی هەیە لە ڕۆژنامەکەدا. بەم پێیەش ئەم دەوڵەتانە هیچ لایەنێکی تۆتالیتارییان نەبوو. بەڵام هەموان ئەمڕۆ لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەو جەنگە پوچ و بێکەڵک بوو. ئەوان بەموتڵەقی لە پێناو هیچدا شەڕیان کرد، تەنیا دەتوانین بڵێین کە ئەوان بۆ خۆکوژیی خوێناوی شەڕیان کردووە [و هیچی تر]. ئەو خۆکوژییەی کە هێشتا ئەوروپا زیانەکانی قەرەبوونەکردۆتەوە. لەم پنتەوە ئایا ژێفرین دەتوانێت هیچ مانایەکی سیاسیی قووڵ بداتە پاڵ شەڕی ١٩١٤؟ پێم وانییە.

---

[5]totalitarian madness
[6]press
[7]shareholders

[دەزانن] ئەم شەڕە لە فەڕەنسادا بووە هۆی کوشتنی ملیۆنێک و چوارسەد هەزار مرۆڤ؛ ڕێژەیەکی ئێجگار زۆر لە گەنجان و پیاوان لە قوڕ و ئاگر نران، بەدرێژایی ٤ساڵ لەناو جەهەنمدا هەڵیانکرد. وەک خەسارەی تۆپ[8] مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن [وەک ئەوەی کە لە شەڕدا بۆ کوشتن تایبەتبکرێن]. ئەوان دەمردن و تەرمەکانیان بە پارچەپارچەیی و شێواوی دەچوونە ژێر خاک و بوونیان لە نێوان هێرشی کەلەڕەقان[9] و پاشەکشە بێ سەرەوبەرەکاندا لێکهەڵدەوەشا. شەڕی جیهانیی یەکەم(هەروەها ڕۆژئاوا دووەم جەنگیی جیهانییشی کرد، لەگەڵ ئەوەشدا [دەستیداوەتە]بێشومار داگیرکاریی دڕندانە، لەمڕۆشدا لێرە و لەوێ بەردەوامە لە ناردنی سەرباز، فڕۆکە، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، کوشتن بەبێ جیاوازی [گرنگ نییە منداڵە یان ژنە یان هاوڵاتیی مەدەنییە]، تێکدان و وێرانکردنی دەوڵەتەکان بەبێ [هێنانەدیی] کەمترین عەدالەت یان یەکسانی) تەنیا لە فەڕەنسا و لە ماوەی ٤ ساڵدا دوو هێندەی ژمارەی ئەو کەسانەی بەدرێژایی ١٠ ساڵی شۆڕشی کەلتوری کوژران، تەنانەت بە گوێرەی ژماردنەکانی خودی ژێفرین، تەرمی لە شوێن خۆی بەجێهێشت. ئەویش بەراورد بە "چین" کە بیست هێندەی فەڕەنسا دانیشتوانی هەیە[هەرنایەتە ئەژمار]. (وەرن با بیژمێرین) ئەگەر شۆڕشی کەلتوریی چین بیویستایە، کارەساتێکی هاوشێوەی ئەوەی کە تەنیا لە فەڕەنسا لە شەڕی ١٩١٤دا ڕوویدا، درووستبکات (شەڕێک کە لەنێوان هێزە ڕۆژئاواییەکاندا ڕوویدا کە نمونەی دیموکراسی بوون) ئەوکات دەبوو ٢٨ ملیۆن کەس لە شۆڕشی کەلتورییدا بکوژرایە! کەواتە وەرن با دان بەوەدا بنێین لە مێژووی تاریک و وێرانی[10] جۆری بەشەردا، هەموو دەوڵەتەکان(لەم سۆنگەوە ئیدی جیاوازی نییە کە دەوڵەتەکان دیموکراسی بوون یان تۆتالیتار) تا بینە قاقایان لە خوێن ناوە. بەڵام وەرن با ئاگاداری ئەو خاڵە بین کە دەوڵەتە دیموکراسی و ناتۆتالیتارییەکانی بەشدار لە جەنگی جیهانی یەکەمدا بەجۆریک بۆنەی مردنیان بەگەڕخست کە کوژراوەکانی شۆڕشی کەلتوریی چین لەچاویدا بە هیچ جۆرێک ئەژمار ناکرێت. ئەگەر جورئەتی دەرەنجامگیریی سوبێکتیڤ و شەخسی بەخۆم بدەم، ئەوا وەبیرتانی دەخەمەوە کە لە تافی لاویمدا بە بینینی جەنگە کۆلۆنیاڵییەکان، دەستمکرد

[8]cannon fodder
[9]pig-headed
[10]morbid

به دەست و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ پانتایی سیاسەتدا. لەو ساڵانەدا ناوەندی پۆلیسی پاریس بە ئەشکەنجەدانێکی بێ ڕەحمانە بەخێرهاتنی منی کرد بۆ پانتایی سیاسەت. لەو کاتەدا دەوڵەت بە ئازادی هەڵبژێردرابوو و تەنانەت ڕێبەرایەتییەکەی بەدەستی سۆسیالیستە[دیموکراتەکانەوە]بوو. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ژێفرین لە جیاتیی "شێتیی تۆتالیتاری" لەگەڵ ئێمەدا باس لە "شێتیی دیموکراسی[11]" بکات؟

گەیشتینە خاڵێك کە بڵێین، با ژمارەکان لەلایەک دابنێین و ئەوە بهێنینەوەیاد کە جەنگی ١٩١٤ هیچ مانایەکی عەقڵانیی نەبوو، هیچی نەکرد، بۆ ئەو کەسانەی کە تێیدا بەشداربوون و دەرگیری بوون(بە واقیعی هیچی بۆ نەکردن) و هەروەها [لە ڕووی تیۆرییەوە] هیچ بەشدارییەکی لە هزری سیاسیدا نەکرد [و هیچی نەخستەسەر]. من بەڕاشکاوی دەیڵێم کە شۆڕشی کەلتوری زۆر بەرز دەنرخێنم[لەبەرئەوەی بەشدارییەکی مەزنە لە هزری سیاسیی مۆدێرندا و هاوکات داهاتووی کۆمۆنیستانەی مرۆڤایەتی لە هەناوی وانەکانیدا نوستووە]. دەزانم ئەو کرێکار و خوێندکارانەی کە خۆیان خستەناو جەرگەی شۆڕشی کەلتورییەوە، هیچ لێکچوونێکیان لەگەڵ ئەو پیاوانەدا نییە کە بەشدارییان لە جەنگی١٩١٤دا کرد. خوێندکاران و کرێکارانی بەشدار لە شۆڕشی کەلتوری، قوربانی دەوڵەت نەبوون؛ ئەو قوربانییانە نەبوون کە بۆ مردن دەنێردرانە بەر دەستڕێژیی گولەکان! ئەوان شێوازی نوێیان بۆ بەشداریکردن و تەداخولکردن[لەکاروباری دەوڵەت و خەڵکدا] داهێنا و جۆرێکی نوێی ژیانی خەباتگێڕانەیان هێنایەبوون. ئەوان بە گوێرەی ڕێنوێنییەکانی ماوتسی تۆنگ، ئازادنە [و بە ویستی خۆیان] بەشدارییان لە کاروباری دەوڵەتدا کرد. من گرنگترینی ئەو دروشمانەی کە لەلایان بەهاداربوو دەزانم. دەزانم بۆ ئەوان گرنگ بوو لەوە تێبگەن کە چۆن دەتوانن لە ڕێگەی تازەگەریی ڕاستەقینەی کۆمۆنیستانەوە سەرکەون بەسەر بیرۆکراسییەت و چەقبەستوویی تۆقێنەری دەوڵەت-حیزبدا. بۆ ئەوان گرنگ بوو کە بزانن چۆن و بەچ شێوەیەک دەکرێت شێوازی نوێی هاوبەشیکردن[12] بهێنێنەئاراوە کە جیاواز بێت لە خاوەندارێتیی دەوڵەتی؛ ئەوەی چۆن و بەچ شێوەیەک دەکرێت بەشێوەیەکی داهێنەرانە بەسەر ناکۆکییەکانی نێوان شار و

---

[11] democratic madness
[12] collectivisation

گوند، هێزی کاری دەستی و زەینی، کشتوکاڵ و پیشەسازی، ئەندازیاران و کرێکاراندا سەرکەون. ئەوەی کە کارگەکانی چین، چۆن و بە چ شێوەیەکی ڕادیکاڵ دەکرێت لە کارگەکانی سەرمایەداری جیاواز بێت. ئەوەی کە چۆن و بەچ شێوەیەک دەکرێت ئەو شتە بهێنرێتەدی کە لینین بە کلیلی پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیستانەی شۆڕشی دەزانی؛ کارێک کە زۆر باڵاترە لە بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات؛ واتە چاودێریی واقیعی ڕێکخراوە سەربەخۆکانی خەڵک[13] بەسەر دەوڵەتەوە کە هەردەم مەیلی بۆ کۆنەپارێزی هەیە. تێکست و دۆکیۆمێنتی سەبارەت بە شۆڕشی کەلتوریمان هەیە کە لەمڕۆدا بەردەستن؛ ئەو دۆکیۆمێنتانەی کە ملیۆنان ڕۆژنامە، پۆستەر، بەیاننامە، بڕیار و هەروەها پاشماوەی سەدان هەزار ڕێکخراوی میلیتانتی جەماوەری کە لەو ساڵانەدا درووستبوون لەخۆدەگرێت. ئەم دوکیۆمێنتانە شایەتی بایەخدارترین، مۆبۆلیزە و سازوئامادەبوونی دیموکراسییانەی [کۆمەڵانی خەڵکن] کە تا ئێستا جیهان بەخۆیەوە بینیبێتی. سازوئامادەبوونی [کۆمەڵانی خەڵک] تا ئەو ڕادە ڕۆیشتەپێش کە ڕێکخراوە سەربەخۆکانی خەڵک ئەو مافە بەدەستبهێنن تا بتوانن بچنەناو هەموو دامودەزگا و ڕێکخراوە فەرمییەکانەوە و دوکیۆمێنت و ئەرشیفی دەوڵەت بپشکنن.

کتێبگەلی زۆر هەن کە دەپەرژێنەسەر ساتە سەخت، درەوشاوە و نوێکانی شۆڕشی کەلتوری. ئەوە شتێکی بەڵگەنەویستە کە ئەم کتێبانە بچنە سەروەختی ساتە توندوتیژەکانی شۆڕشەوە(بە هەمان شێوە کە ماوتسی تۆنگ وتی "شۆڕش، ئێوارەخوان نییە"). ئەم کتێبانە هەوڵدەدەن ڕێچکەی خۆیان لە پڕوپاگەندەی دژەکۆمۆنیستیی ڕۆژئاوایی و پڕوپاگەندەی سەرکردە بۆرژواکانی چینی ئێستا جیابکەنەوە.

بەڵام ئەوەی کە ڕێگە بە کۆنەپەرستێکی لیبراڵی وەک ژێفرین دەدات کە دەربڕینی "شێتیی تۆتالیتاریی" سەبارەت بە شۆڕشی کەلتوری بەکاربێنێت، [تەنیا ترس] لەو فاکتەیە کە داهاتووی [کۆمۆنیستانەی مرۆڤایەتی] لە هەناوی ئەم شۆڕشەدا نوستووە. پرەنسیپە نوێکانی نەزمی کۆمۆنیزمی [نوێ] دەبێت لەسەر بنەڕەتی شۆڕشی کەلتوری(کە لە ئەکچواڵکردنی خۆیدا شکستی خوارد) دابڕێژرێتەوە. دوژمنانی هەنووکەیی ئەم شۆڕشە ئەندامانی ئەو حیزبەن کە دۆنگ سیاوپینگ ڕێبەرایەتیی دەکرد. حیزبێک کە جڵەوی کاروباری چینی بەدەستەوە گرتووە و هەر زوو

---

[13] independent popular organisations

چینی خستە سەر ڕێگەی سەرمایەداری(بەهەمان شێوە کە شۆڕشگێڕەکان پێشبینییان کردبوو).
بەڵام شکستی خوێناویی کۆمۆنەی پاریس، زەمینەی بۆ داهێنانی سیاسیی لینین و شۆڕشی ئۆکتۆبەر خۆشکرد، بە هەمان شێوە شکستی شۆڕشی کەلتوریی چین دواجار وەک ڕێگەیەک بۆ دروستکردنەوە و نوێکردنەوەی ئایدیای کۆمۆنیزم کاردەکات. بەداخەوە کۆمەڵگاکانی ئەمڕۆ، لە غیابی ئەم ئایدیایەدا، بەشێوەیەکی پاسیڤانە و ملکەچانە بەتەواوەتی بەربەرییەتی سەرمایەدارییان قبوڵکردووە؛ بەربەرییەتێک کە درێژبوونەوەی بۆ ناو شەوی تاریکی جەنگە ناکۆتاکان حەتمییە.

سەرچاوە؛

http://www.versobooks.com/blogs/1741-the-ancient-alain-badiou-responds-to-the-dashing-laurent-joffrin